# شۆردنی خوێنەکە بەسە، وشوێنەوارەکەی هیچ زیانێکت پێناگەیەنێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: خەولەی کچی یەسار -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، تەنها یەک جلم هەیە وهەر بەو جلەوە تووشی سووڕی مانگانە دەبم؛ ئایا چیبکەم؟ ئەویش فەرمووی: «ئەگەر پاکبوویتەوە بیشۆرە، پاشان نوێژی بەو جلەوە بکە»، ووتی: ئەی ئەگەر خوێنەکە (لەسەر جلەکە) لانەچوو؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «شۆردنی خوێن ئاساییە (لەسەر جلەکە) بەسە، وشوێنەوارەکەی هیچ زیانێکت پێناگەیەنێت».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

خەولەی کچی یەسار -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێیکرد، باسی ئەوەی کرد تەنها یەک جلی هەیە، وئەگەر تووشی سووڕی مانگانە بێت؛ جلەکە خوێنی پێوە دەبێت، ئایا چیبکات؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیکرد بە ئاو جلەکە بشوات ئەگەر پاکبوویەوە، وپاشان نوێژ بەو جلەوە بکات، وئافرەتەکە باسی ئەوەی کرد لەوەیە شوێنەواری خوێن پاش شۆردنیش هەر بمێنێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە ئاو بەسە بۆ پاککردنەوەی جل، وئەو ڕەنگەی دەمێنێت پاش ئەوپەڕی هەوڵدان بۆ شۆردنی جلەکە؛ هیچ زیانێکی نابێت و نوێژکردن بەو جلەوە دروستە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee